# چەند باسێکی

## ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوە لە هەندێکیان

ئامادەکردنی

عالیه عەبدولکەریم مودەریس

٤
٤٠٤

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
زنجیرە ........٣٦٧........
ژمارەی پێدانی /
رۆژی ١٢/ ٥ /٢٠١١

# چەند باسێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوە لە هەندێکیان

ناوی کتێب: چەند باسێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوە لە هەندێکیان
بابەت: لێکۆڵینەوە
ناوی نووسەر: عالیە عەبدولکەریم مودەریس
تایپ و دیزاین: سیروان خلیل
تیراژ: ٧٥٠
ژمارەی سپاردن: ١٤٦٢ / ٢٠١٠
چاپی یەکەم
چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی
لەسەر ئەرکی نووسەر چاپ کراوە

# پێرست

پێشەکی .......................................... ٥
بابەتی یەکەم .......................................... ٧
بابەتی دووەم .......................................... ٢٠
بابەتی سێیەم .......................................... ٣٠
بابەتی چوارەم .......................................... ٣٥
بابەتی پێنجەم .......................................... ٤٨
بابەتی شەشەم .......................................... ٥٥
بابەتی حەوتەم .......................................... ٥٩
بابەتی هەشتەم .......................................... ٦٢
بابەتی نۆیەم .......................................... ٦٤
بابەتی دەیەم .......................................... ٦٧
بابەتی یازدەهەم .......................................... ٧٢
بابەتی دوازدەهەم .......................................... ٧٥

# پێشەکی

ئەم چەند باسە ئەدەبی و کۆمەڵایەتیە کە لەم نامیلکەیەدا کۆکراوەتەوە. هەندێکیان پێشتر بڵاو کراونەتەوە لە هەندێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا. بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز ڕاستەوخۆ ئەو بابەتانەی لەبەردەستا بێ بەباشم زانی کە کۆیان کەمەوە لە دووتوێیی ئەم نامیلکەیەدا. تا بە ئاسانتر و سووکتر بێت بەدەس خوێندەوارانەوە و پارێزراویش بێ.

بابەتە ئەدەبیە سەرەکیەکەی لێکۆڵینەوەیەکە لە دوو پارچە شیعری شاعیری پایەبڵند و بەرز مەولەوی.

بابەتی دووەەم نووسینێکە لەبارەی حاجی قادری کۆیی (حاجی قادری کۆیی ڕابەری بیری نوێیە لە کوردستان).

بابەتی سێیەم سەرنجێك لە ڕەنگدانەوەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی لە شیعرەکانی (ئەسیریدا). کە هەردوکیان سۆز و هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی پاڵی پێوە ناون هاوار بکەن و بچن بەگژی جەهالەتو نەزانیدا و هاوار بکەن بۆ ڕزگاری وڵات و گەل بە ژن و پیاوەوە و ڕزگاربونیان لەژێر چەپۆکی عوسمانیەکان.

بابەتی چوارەم: وردبونەوەیەك لە شاعیری قەلەندەر و سەرلێشێواو (بابا تاهری هەمەدانی عوریان)ەو گەڕان بەدوای شیعرەکانیا و

دۆزینەوەی ئەوانەی کە لەبەرچاو نین تا ون نەبن و نەبن بە خۆراکی مارو مێرو لەوە زیاتر. بێگومان شارەزایان و پسپۆڕان ئەتوانن بەم ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییە هەڵسن. با لەوە زیاتر شیعرەکانیشی وەك خۆی بێسەروشوێن نەبێ و بە قەڵەندەری نەمێنێتەوە.

بابەتەکانی تر: چەند پارچە نووسینێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیە.

هیوادارم لایان پەسەند بێ و بەسود بێ وە بە چاوی زانستیانە هەڵی سەنگێنن و لە کەموکوڕی ببوورن هەر ئەوەندەم لێهاتووە. ئیتر هەر بژین.

عالیە عەبدولکەریم مودەریس

# بابەتی یەکەم

## ئەم باسە لە "بەیان"ی ژمارە ١٨٤ ساڵی ١٩٩٩دا بڵاو کراوەتەوە.

مەولەوی

دوو نموونە لە شیعرەکانیا....

پێشەکی: کە لە هەڵبەستەکانی دیوانی هەستیاری بەناوبانگ و بلیمەتی کورد (مەولەوی) وردبینەوە دەبینین بەشی زۆری ئەم هەڵبەستانەی بەدوای سێ حاڵەتی تایبەتدا دەسوڕێنەوە و ئەم سێ حاڵە بە ڕۆشنی لە هەڵبەستەکانیدا دەردەکەون. واتە: ئەم هەڵبەستانەی دەربڕینێکی ڕاست و بێ درۆن بۆ ئەو ئیش و ئازارو ژانە (معانات) ی لە ناخی دەروونی (مەولەوی) دا بووە. ئەم سێ حاڵەش ئەمانەی خوارەوەن:

١. وەسفی جوانی ڕووکارەکانی سروشت و دیمەنی دڵفرێنی کوێستان و گەرمیان و، خێڵەو خوارو خێڵەو ژووری یارو هاوسەرانی.

٢. باسـی دەردی دووری و ئـازاری لـە یـار بـڕان و ئـاواتی بەیـەك گەیشتن.

٣. هەنـدێ حالـەتی تایبـەتی سـۆفیانەكە هێزێكـی گیـانی (رۆحـی) زۆر بەتین رایدەكێشێت بۆلای (پیرەكەی) و دڵ و دەرونـی لـە بـۆن و بەرامەی خۆشەویستی پڕ دەبێت و خودیی خۆی لـە بیر دەچێتەوە و هەمیشـە نـوقمی دەریـای یـادی شـێخەو بـە شـنەی ئـەو بایـە دەشـێنێتەوە كـە لای شـێخەوە هـاتووە وگـەلێ جـار پـڕ بـە دڵ نالاندوویەو جۆش و خرۆشی دەروونی خۆی دەربڕیـوە، بێجگـە لـە مانەش ئەتوانین لە هەندێ سووچی هەنـدێ لـە شعرەكانیدا هەست بـەوەش بكـەین كـە جاروبـار بێزاریـی لـەباری نالـەباری ژیـان و بێكەسی و كلۆڵی خۆی دەربڕیـوە و تووڕە بووە لـەوەی كە لە نـاو كۆمـەڵێكی گـوێ بـە ئـەدەب و ئـەدیب نـەداو لـە ژێـر هـەوری كـەنارەگیری و دوورە ولاتیـدا دوور لـە هـەموو تیشـكێك ژیـاوە نەیەكێك بووە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بكات و نـە یـەكێك بـووە كـە بایەخ بە زیرەكی و بلیمەتییەكەی بدات.

جـا كـاری ئـەم حالەتانـە یـا بەشـێوەكی سـەربەخۆ یـا بـە شێوەیەكی تێكـەڵ لـە غەزەلەكانیـدا بـەدی دەكرێـت و گـەلێ جـار هەرلەیەك غەزەلدا كاری یەك دوو لەم حالانە ڕەچاو دەكرێت.

بۆ نمونە لە غەزەلی داهاتوودا لەلایەك وەسفی وەرزی بەهارەو لە وێوە باسی بەهارو جوانی بەهار ڕایدەکێشێت بۆلای ڕووی ئازیزو جوانی یەکەی و گریان و فرمێسکی چاوەکانی خۆی. لەلایەك سەوزەی سەرخاکی بەستووە بە یارانی کۆچ کردوو گڵکۆکانیانەوە و بە ناچاری باسی وەجدو حاڵەتی سۆفیانیش دەکات و لە شنەی گیاکاندا ئەو وەجدە بەدی دەکات و ئاخری ئەو شوێنە سەوزە بە گەن دەکات بۆ ئەوەی ساتێ تیا بحەسێتەوە و پیاڵەیەك شەرابی مەستی لابەری تێدا بخواتەوە. هەروەها لە غەزەلی دووهەمدا تەنیا باسی دووری و لەیار بڕانەو ئاواتی مەرگ دەخوازێت تا لە دەردی دووری ڕزگاری بێت.

نازك تەدارەك فەصلی وەهاران

شیرین ئارایش هەردەو کۆساران

نازك وشەی سەرسامی (تعجب)یە واتە چەند نازکە؟

تەدارەك: رازاوە

فەصڵ: وەرز

وەهاران: بەهاران

شیرین: وشەی سەرسامی یە،واتە چەند شیرینە؟

ئارایش: رازانەوە.

هەردە: شاخ و هەڵەت.

کۆساران – کۆهساران: کوێستانان.

(مەولەوی) لێرەدا، خۆی ئاسایی، بەبالای وەرزی بەهاردا دەخوێنێت و وەسفی جوانی یەکەی دەکات و دەڵێت:

وەرزی بەهار چەند نازك و جوان خۆی وەك بووك ڕێك خستووە و چەند جوان شاخ و هەڵەت و کوێستانەکان بە گوڵ و گیای هەمەرەنگە ڕازاوەتەوە، لەم بەیتەدا (مەولەوی) تێکڕا جوانی بەهارو کوێستانی کاتی بەهار دەردەخات و لە بەیتەکانی دوواییدا بە درێژی باسی هەموو ڕوویەکی ئەم جوانیانە دەکات و ئەمەش پێی دەوترێ تەفضیلی پاش ئیجمال و دەبێتە هۆی ئەوەی کە گوێگر چاوەڕوانی قسەکەر بکات تا باسەکەی بۆ تەواو بکات، کە لە بەیتەکانی دوواییدا دێت.

**گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان**

**وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان**

ئازیز: یاری خۆشەویست.

نەزاکەت: ناسکی، جوانی.

پۆشان: پۆشیوە.

وەفراوان: بەفراوەکان.

سەیل: لافاو.

جۆشان: هاتۆتە جۆنبوش و هێرش دەهێنێت

واتـە: گـوڵی گـوڵزاران وەك ڕووی جـوان و بـێ گـەردی یـارە خۆشەویستەکەم ناسـکی و جـوانی پۆشـیوە بـە فراوەکـانیش کـە وردە وردە بەسـتەڵەك لەبـەر تیشـکی زێرینـی هـەتاودا دەتوێتـەوە دەڵێیت لافاوی چاوەکانی منە هاتۆتە جموجۆڵ.

لەم بەیتەدا لەباتی ئەوەی ڕووی ئازیز بە گوڵ بچوێنرێت، گوڵ بە ڕووی ئازیز چوێنراوە هەروەها، لـەباتی ئـەوەی فرمێسکی چاو بـەلافاوی سـاردی بـەفراوی کوێسـتان بچـوێنرێت، بـەفراوی بـە فرمێسـکی چـاو چـواندووە،ئەم تەشـبیهە بـە یاسـای (بەلاغـە) پێـی دەڵێن تەشبیهی مەقلووب موبالەغەیەکی ئێجگار جوانی تێدایە-

مـــدیان گـــوڵاڵن نـــەپای دەربەنـــدان
ئـــەو یـــەکتر وێنـــەی ئـــارەزوو مەنـــدان

مدیان ئەو یەکتر: بۆ یەکتریان دەڕوانێ

داوێن: لای خوارەوە.

دەربەندان: دەربەندەکان، شوێنی تەنگەڵان، داوێنی شاخ

وێنە: وەکو.

ئارەزوومەندان: تاسەداران. موشتاقان. ئەوانەی بەتاسەوە ئارەزووی بینینی یەکترن.

واتـە: گوڵاڵـەکان لـە دەربەندەکانـدا ملیـان لار کردووەتـەوە هـەر ئەڵێی بۆ یەکتر دەڕوانن و ئەم هەڵوێستە وەکو ئەوەتـە کـە کۆمـەڵی یـارانی بـە تاسـەو ئـارەزووی یـەکترەوە بـن لـە یـەکتر تێرنـەخۆن و هەرسەیری یەکتر بکەن.

چ خــاس خــاس شــنیۆ نــە ئێوارانــدا
سـەوزە وە ڕووی خـاك جەرگـەی یارانـدا

چ: چەند

خاس خاس: جوان جوان

شنیۆ: دەشنێتەوەو، بەدەم شنەی باوە دەلەرێتەوە.

نە ئێواراندا: لە ئێواراندا.

سەوزە: گوڵ و گیاو چیمەنی سەوز.

وە ڕووی خاك: لەسەر ڕووی خاك

جەرگەی یاراندا: جەرگـەی یـارانی کـۆچ کـردووی لـەناو خاکـدا نێژراو.

واتە ئەو سەوزەی کە لەسەر گڵکۆی یـاران ڕوواوە چـەند جـوان و لەسەرخۆ سەردەمی ئێواران بەدەم شنەی باوە دەشنێتەوە.

بــوین ڕەعشــەی وەجــد دڵــەی پاکشــان
عــەیان نەشــنیای ســەوزەی خاکشــان

بوین: ببینە

رەعشە: لەرزە

وەجد: سۆزی دەروون ئەم سۆزە سۆزێکی تایبەتی سۆفیانی دڵخاوێنە.

دڵەی پاکشان: دڵی پاکیان

عەیان:دیاری و ئاشکرایە.

نەشنیای: لە شنەی

سەوزەی خاکشان: ئەو سەوزەی لەسەر گڵکۆکانیان رواوە.

واتە: سەیرکە چۆن لەرەی سۆزی دڵی یارانی کۆچ کردوو بەئاشکرا لە شنەی سەوزەی سەرخاکی قەبرەکانیان بەدیار دەکەوێت مەبەستی ئەوەیە ئەو سۆزە پاکە ڕاستە لە ناخی دەروونیاندا جێگیر بووە بە مردنیش نەفەوتاوە و ئێستەش هێزو توانای داوە بەو گیایەی لەسەر گۆڕەکەیان سەوز بووە ئەم سەوزەیە بەهێزی ئەو سۆزەوە دەشنێتەوە، بگرە ئەو سۆزەیە کەبووتە هۆی ڕوانی سەوزەکە!

جەی گۆشە خاستەر نی یەن مەسکەنێ

ساقی گیان ئامان، خومار ئەشکەنێ!

جەی گۆشە: لەم کونجە

خاستەر: چاکتر

نی یەن: نی یە

مەسکەن: شوێن

ساقی: مەی گێڕ

ئامان: دەخیل

خومار ئەشکەنێ: کاسیی سەر لابەرێ!

واتە: ئالەم کونجەدا لای ئەم گولالانە کە لەسەر گلکۆی یاران سەوز بوون و بە سۆزی گیانی ئەوان دەشنێنەوە و گولان سەریان ناوەتەلای یەك و،وەك ڕازو نیازی خۆیان بۆ یەکتر دەربڕن، شوێنێکی باشتر نی‌یە،دەتوخوا دەستم دامێنت ئەی مەی گێر. پیاڵەیەك شەرابم بدەرێ کە کاسیی سەرم لابەرێ دیارە ئەو شوێنە لای مەولەوی چاکترین شوێنە، چونکە جێگای ئارامگای دۆستانی بەوەفایە و دەیەوێ شێوەی دۆستی و وەفا بەجێ بێنێت و ئەو یارانە فەرامۆش نەکات چەن جوانە! لەلایەك کونجەو بچووکەو لەلایەك مەسکەنەو فراوانەو، لەلایەك پەنا دەباتە بەرمەی گێرو دەبوا شتێکی داوا بکردایە کە مەستی بکات کەچی داوای پیاڵەیەکی لێ دەکات کە مەستی لابەرێ!! ئەلبەت ئەو شەرابەی کە بەگیانی پاکی (مەولەوی) خۆشە جۆرە شەرابێکی ڕۆحیی تایبەتی‌یە!

هــۆرێزە صــــوبحەن، دڵ تـــازە خـــاوەن
شـنۆی پـای کـاوەن، گۆشـەی سـەراوەن.

هۆرێزە: هەڵسە.
صوبحەن:سبەینێی یە
شنۆ: شنەبا
پای کاو:داوێنی شاخ و کاج
گۆشەی سەراو: قەراخی ئاو

واتـە: ئـەی مـەی گێـڕ هەسـتە، سـبەینێیە دڵ تـازە لـە خـەو هەسـتاوە پێویسـتی بـە ئـاوازی سـازو هـەوای سـازگارو نەشـئەی خومارەو، کات و شوێن لەمە باشتر نی‌یە، سەرلەبەیانـی‌یـە داوێنـی چیایە و کەناری ئاوەو سەوزەی لە خوێنی جگەری یاران ڕوواوەو جێگاو کاتی یادو وەفایە...

**– غەزەلی دووەم –**

ئیمشـەو هـەمدیسـان دەروون پـڕ خەمـەن
ئەساسـەـی ماتـــەم جـــەلامان جەمـــەن

دیسان: دووبارە.
دەروون: دڵ. ناخ.
پڕخەمەن: پڕخەفەتە.

ئەساس: بنچینەو هۆ.

ماتەم: خەم. پەژارە

جەلامان: لامان.

جەمە: کۆیە.

واتە: دووبارە خەم و پەژارەی دووری دۆستان دڵی پڕکردووم و، دەروونم لەخەفەتدا نوقمە ئەوشتانەی دەبنە هۆی ئازاری دڵ لام کۆبوونەتەوە. بێگومان (مەولەوی) ئەم غەزەلەی لە دووركەوتنەوەی برادەرێکی تایبەتی خۆشەویستدا وتووە کە کاری لەناخی دەروونیا کردووە.

– ٢ –

لە تاوی دووری دڵ بێ قەرارەن

بینایی دیدەم جە خەفەت تارەن

لەتاو دووری: لە تاوی سەختی و نالەباری دەردی دووری.

بێ قەرارەن: بێ ئارامە

بینایی دیدەم: ڕووناکی چاوم هێزی بینینی چاوم.

جە خەفەت: بەهۆی خەفەتەوە.

تارەن: لێڵایی داهاتووە.

واتــە لــە تــاوی قورســـی دەردی دڵ ســـرەوتی نییــە و خـــەم وخەفەتیش بینایی چاوی تاریک کردووم و لێڵایی داهاتووە. دیارە مرۆڤ بەدڵ و بەچاو دەژێت و، ئەم هەردووکی لە دەس چووە.!

-٣-

شـــریخەو گرمـــەی هـــەوری دووریـــی دۆس
وەفـــەنا بـــەردەن مـــەغزو رەگو پۆســـن

شریخە: هەورە تریشقە.

دۆس: دۆست.

وەفەنابەردەن: لەناوی بردووە.

مەغز: مۆخ.

پۆس: پۆست، پێست.

واتــە: چــەخماخە و گرمــەی دووری دۆســت، کــە وەك هــەوری ڕەشـــی نـــاڕەزا وایـــە، مـــۆخ و ڕەگ و پێســـتی لـــەناو بـــردووم و تواندوویەتیەوە.

لێـرەدا (مەولـەوی) دووری دۆسـتی بەهـەوری تونـدو گریـان و هەناسە هەڵکێشانیشی بە گرمەی هەور چواندووە.

-٤-

**شەرارەی گریەی ناری مەهجووری**
**کەردەن وە غوبار کۆگای سەبووری**

شەرارە: پرشکی ئاگر
گریە:شالاو
ناری مەهجووری: ئاگری لە دوورییەوە هەڵگیرساو.
غوبار: گەرد.
سەبووری: خۆراگرتن.

واتە: پریشك و شالاوی ئاگری دووری. خەرمانی سەبرو خۆگریی سووتاندووم و لە بنی هێناوەو کردوویە بە تۆزو داویە بەبا.

— ٥—

**نەتاقەت مەندەن نە تۆی دەروندا**
**نە (لەیلی) مــدیۆ وە لای (مەجنوون)دا**

مەندەن: ماوە.
تۆی دەروون: ناوی دڵ.
مدیۆ: دەنوارێت لایەك دەکاتەوە.

واتە: نە تاقەت و توانا لە دڵ و دەرووندا ماوە و نە (لەیلیٚ)ی دۆستم لایەك دەکاتەوە. بەلای منی (مەجنوون)دا.

-٦-

یاخوا مەردەنی بۆ وە میهمانم
ئیتر نەوینۆ دووری یارانم

مەردەنی: مردن.

بۆ وە میهمانم: ببێتە میوانم.

نەوینۆ: نەبینم.

واتە: مادام نەدڵ هێزی ماوەو نەچاو بینایی و نەتوانی خۆگریم تیایەو نەئەوەتە یار لایەکم بەلادا بکاتەوە. یاخودا مردنم زوو بە زوو بێت بە چاو و بێداری و زیندووی جارێکی تر دووری دۆستانم نەبینم.

-٧-

بەڵکو خەلاصیم نە دەس دووریم بۆ
بەو زووخ و زامان نەشوون وەگڵکۆ

خەلاصیم: ڕزگاریم.

نەدەس: لە دەس.

بەو زۆخ و زامان: بەو خوێن و زامانەوە.

نەشوون: نەچم.

وەگڵکۆ: بۆ قەبر.

واتە: بەڵکو بەهۆی مردن و لە چنگ دنیا ڕزگار بوونەوە ئیتر بە ئێجگاری ڕزگاربیم و بەو هەموو کێم و زووخی پێوەندی ژیانی دنیای فانی‌یەوە نەچمە گۆڕ !

## بابەتی دووەم

ئەو بابەتە تازانەی حاجی قادری کۆیی لە شێعرەکانیدا هێنانیە ئاراوە:

ئەو بابەتانەی حاجی قادر لێیان دواوە زۆرن. سەرێکی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و خوێندەواری نیە حاجی ئەسپی خۆی تیادا تاو نەدابێ و لێی نەدوابێ. بەڵام لە هەموو توندتر ڕەخنەی لەوانە گرتووە کە ئایین یان کردووە بە داردەستیان بۆ هەڵخەڵەتاندن و گێژ کردن و ڕووتاندنەوی کۆمەڵانی خەڵك:

خانەقاو شێخ و تەکیەکان یەکسەر
پێم بڵێ نەفعیان چی‌یە ئاخر؟
غەیری تەعلیمی تەمبەڵی کردن

دیسانەوە دڵی بێتەوە جۆش و هەمیشە دواکەوتنی میللەتەکەی لەبەرچاو بووە و هاواری لێ هەڵساوە هەر وەکو ئەڵێ:

کەس هەیە وا لە گەل بەجێ مابێ

وەکو ئێمە لەپاش و لە دوابێ..؟

## بابەتی چوارەم

### ئەم باسە لە گۆڤاری " بەیان"ی ژمارە ١٨٠ ی ساڵی ١٩٩٧ دا بڵاوکراوەتەوە.

**-گەشتێ بۆ بیارە – عالیە عبدالکریم مدەریس ١٩٩٤.**

لە گوندە جوانە خنجیلانەکەی بیارە، مەڵبەندی جارانی ئایین و خوێندن و لە کۆشی خێزانێکی ئایینی و ئەدەب پەروەردا هاتوومە دنیاوە و، بە دیمەنی جوانی شاخی بەرزو سەرکەش و دۆڵی قووڵ و باخ و باخاتی چرو پڕو، لە داوێنی ئاسۆی بەرەبەیانی پشت لووتکەی بەفرینی ململانێ ئاسمانی شین

زۆری نەخایاند. لە ناودارەکانی سەر شەقامەکەوە دیاری دا... وا نەمردم جارێکی تر بیارەم دیءیەوە بەڵام بیارەی نوێ. نەیتوانی. وێنەی بیارەی کۆن لەسەر تەختەی دڵم بسڕێتەوە و نەتوانیشی جێگایەکی وای خۆی بکاتەوە شان بەشانی بیارەی کۆن بوەستێ...

## بابەتی پێنجەم

**بابا. تاهیری هەمەدانی – عوریان –**

دەمێکە کەڵکەڵەی ئەوە کەوتووەتە سەرم خۆم لە بواری شاعیری پایە بەرزو بلیمەتی کورد. بابە تاهیری هەمەدانی بدەم. بەڵام هەرچیم ئەکرد بەخۆما نەئەپەرمووموەوە. چونکە ئەترسام بە باشی لە زمانەکەی و نووسینەکانی شارەزانەبم. تا دوایی بە یارمەتی چوارینە وەرگێڕاوە سەر سۆرانی یەکانی بە تێگەیشتنی تەواوی دڵنیا ببم و لە هەستە جوان و قەشەنگ و ئەو بیرو بۆچوون و دەربڕینەی لە چوارینەکانیا بە زەقی بەدی ئەکرێ. پاڵی پێوە نام. بە شانازی و شکۆمەندی و هەست و ڕیزەوە بدوێم و هەوڵ بدەین نووسینەکانی لەوە زیاتر پشت گوێ نەخەین و نەیەڵین لەناو بچێ. جا بۆیە لە دڵی خۆما وتم: لە نەکردە هیچ بە هیچ نابێ و تا رۆژێ زووتر دەس بدەمە ئەم باسە باشترە. باسەرکەوتووش

ئەگەڕێنەوە بۆماڵیش هەرخەریکی ناوماڵ و منال و مێردن و ئەبێ دڵی ئەویش ڕازی کا بێ ئەوەی مێردەکەی نرخ بۆ ژنەکەی دابنێ و سوپاسی دڵسۆزی بکا.

عالیە عبدالکریم مدەریس ٢٠١٠

## بابەتی دوازدەهەم-

## خۆشەویستی بەهرەیەکی خواییە

پێش ئەوەی بچینە ناو باسەکەوە و باسی جۆرەکانی بکەم. ئەبێ ئەوە بزانین کە خۆشەویستی بەهرەیەکی خودایی یەو. سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ خوداو، لەخواوە هاتووە بۆ ئادەمیزاد. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە خوا پێغمبەری (ص) خۆش ویستووە. ناوی ئەوی کردوە بەهاوتای ناوی خۆی هەروەها خوا خۆی ئاگادار بووە لەوەی کە (پێغمبەر) (ص) لە فەرمایشەکانی خوا دەرناچێ و هەمووی ئەهێنێتەدی و خۆشی ئەوی.. بۆیە خوای گەورە ئەفەرمێ (أنا أرسلناك رحمة للعالمين) واتە: تۆمان ناردووە بۆ خێرو خۆشی هەردوو دنیاو هەموو ئادەمیزاد. خوای مەزن خۆی جوانەو جوانی خۆشی ئەوێ، بۆیە ئەم جیهانەی وابە جوانی و ڕازاوەیی دروست کردووە. پڕ لە خێرو سامان و دیمەنی

جوانی ڕەنگاو ڕەنگ شاخی سەر بڵندو سەرکەش و ئۆقیانووس و دەریاو چەم و دۆڵ و کانیو کانیاو و باخ و باخاتی پڕ لە میوەی هەمەجۆرە، گوڵ و گوڵزاری هەمە ڕەنگ و باڵداری جوانی جۆراو جۆری هەمەڕەنگی بەسوودی دەنگ خۆشی دروست کردووە. هەروەها ئاژەڵی جوان و سود بەخش‌و زیان بەخشیشی دروست کردووە. بەلاّم لە لایەنێکی ترەوە سوود هەر ئەبەخشی بە ئادەمیزاد لەو ڕۆژەوە ئادەمیزاد خوڵقاوەوە تا ئەشمێنێ لەسەر ڕووی ئەرز بمێنێ بەبێ خۆشەویستی نەژیاوەو ناشژی. جا بێگومان خۆشەویستیش جۆراو جۆرەو هەر جۆرێکی بۆ شتێکی تایبەتی‌یە. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە ئەگەر خۆشەویستی ئادەمیزاد بۆ خوای گەورە نەبوایەو بۆ یەك بوونی ئەو نەبوایە. یان بۆ نوێنەرەکانی خوا نەبوایە. هیچ کاتێك بەسەر ئەو هەموو کۆسپ و. گێرو گرفتەدا سەرنەئەکەوتن.

ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە بۆیان دەرکەوت بە تەواوی کە پەیامەکانی خواو، وتەکانی نێردراوەکانی. یاساو دەستوری پڕ لە خێرو. خۆشی و دادپەروەری دژی چەوسانەوەو، زۆر کردنە بۆ سەر ئادەمیزاد هیچ کاتێك خوا ڕازی نابێ بە زوڵم و زۆرو چەوسانەوە بۆ ئادەمیزاد. لە ئەنجامی ئەو بڕوا پڕ لە خێرو خۆشیەدا کە گەلێك لە پیاوانی ڕاست و تێگەیشتوو هاتنە ڕیزی ئەو ئایینانەو بە هەموو دڵێکەوە بڕوایان پێ کردو بوون بە

## لە بڵاوکراوەکانی نووسەر

1. سەرەنجامی دالیا .......... چیرۆك
2. داراو داروێن .......... چیرۆکی مناڵان
3. بەهارو نێرگز و خوێن .......... پەخشانە شیعر
4. چەند باسێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوە لە هەندێکیان

